# زایۆن



هۆشەنگ شێخ محەمەد
2006/6/15



راپێچم کە ئەی مەیئوسترین بای عەدەمی میهرەبانی
راپێچم کە بۆ جەهەنەمی ماچەکان و بۆ پێدەشتی ئاوێزانی
راپێچم کە ، تاریکترین ساتی خوێنم بۆ تۆ
راپێچم کە،  ئەی سووتاوترین رێحانی ترس

ساتێکە کوژانەوەم لە ناو تۆدا
عومرێکە چرات لە روحی مندا
من لە نێوان تۆ و خۆمدا .. عەترێکم مەست بە سێبەری مەمکەکانت
من لەنێوان خۆم و تۆدا .. عاشقێکم بریندار بە سۆزی پەنچەکانت

دە راپێچم کە ، پەریزادە .. بەرەو جەهەنەمەکانی عەشقێك
من هەمیشە ئاوسم بە باران و نێرگز و ماچ
راپێچم کە ، بۆ سەیتەرەکانی بەهەشتێك.. بەماچ نەفەر ئاودیوکەنە باخەکانی خۆشەویستی
راپێچم کە، بۆ پێچەکانی هەوەستێك، کەقەت بەرد ناگرێتە هەتاو
بەرد ناگرێتە بەرد

ئەی تەجەلای نور .. هەر بە رووتی بێ ستیان و بێ رەنگ
بموەشێنە ناو تاریکایی خوێنت
پەرتم کە بەسەر پەلکەکانی رووبارێکی بێدەنگ
بمخۆوە ..وەك لیمۆی سەر مێزێك کە چاوەڕێی دەستێك ئەکات بۆ گوشین
چاوەڕێی لێوێك ئەکات بۆ مژین




من بێزارم لە بەهەشت و لەم کارانەی خوا ئەیکات
من بێزارم لە جەهەنەم و لەوکارانەی خوا نایکات



من خەتابارم لەو ماچانەی کە نایانکەم
من گوناهکارم لەوانی دیش.....

من لەنێوان ئاهەنگێك و ئاهەنگێکدا ئیمانێك ئەگۆڕم


لە نێوان ئیمانێك و ئیمانێکدا .. بێمانییەك هەروەك چاوە رەشەکانی تۆ



خۆشم ئەوێی بە سادەیی ..
کە بێ ستیان مەمکانت ئەخەیتە پەنچەم..
کە بێ ستیان مەمکەکانت ئەخەیتە دەمم
کە بێ ستیان مەمکەکانت ئەخەیتە چاوم
کە بێ ستیان مەمکەکانت ئەخەیتە روحم
کە بێ ستیان .. کە بێ ستیان..... چ گەمەیەك بەو مەمکانە و بە من ئەکەی...

لێت تورە نابم بەکورتی
خۆشەویستیت .زۆر جار بێ مانایە..
زۆر بێ مانا خۆشم ئەوێی
زۆر بێ مانا خۆشت ئەوێم..
زۆر بێ مانا یەکتریمان خۆش ئەوێ...
بێ ماناشە.. کە قەت نە لێت تورە ئەبم و نە بەردت تێئەگرم و نەگەمە بەمەمکەکانت ئەکەم کە بێ ستیانن.

شتی قوڕ لە تۆدا هەیە
هەندێ شتت هەیە هەرگیز لە شتی عاشقەکان ناکات



هەندێ شتت هەیە هەرگیز لە شتی دزەکان ناکات
هەندێ شتت هەیە هەرگیز لە شتی بێکارەکان ناکات
هەندێ شتت هەیە هەرگیز لەهی قەحپەکان ناکات
کەچی ئەوەندە عاشقانە ماچم ئەکەیت و ئەوەندە دزانە ماچم ئەکەیت و ئەوەندە بێکارانە ماچم ئەکەیت و ئەوەندە قەحپانە ماچم ئەکەیت.

لە بێ مانایی من و تۆدا .. ژیانێك هەیە وەك کەوسەر
ئای ژیان لە تۆدا چەند خۆشە!